# * ژن لە دەرووەی هاوکێشەی دادوەریی شەرع و کۆمەڵگادایە

## شەش پێشنیار بۆ ژنان

ڤینۆس فایەق
venus.faiq@gmail.com



"...زۆر سەختە هەمیشە بە هەستێکەوە ژیان بەریتە سەر کە تۆ لە پەراوێزدایت ، هەرچی ئەکەیت ئەچێتە خانە لەپەراوێزنراوەکان ، لەوەش سەختتر ئەوەیە کە بەهۆی حەماقەتی ئەوانی ترەوە لە پەراوێزدابیت..." هەر لە خۆوە وەکوو ئیلهام ئەم قسەیەم بۆهات ئەو دەمەی ویستم لەم بابەتە بدوێم ، هەڵبەتە لەو قسەیەدا بە وشەی (ئەوانی تر) تەنها مەبەستم تەنها لە پیاو نیە ، چونکە هەندێ جار ناهەموار بیرکردنەوە و ماەکەڵەکردنی ژنی تر لەگەڵ پێوانە و بەهاکانی ژیاندا وا لە کۆمەڵگا ئەکات من و ژنانی تریش تووڕداتە پەراوێزەوە..

ئەو ئەیوت: ژن لەوە زیاتر عەدالەتی چی لە کۆمەڵگا ئەوێت؟ بۆ داوای یەکسانی ئەکات لە میراتیدا؟ ئەی ئەوە نیە میراتی بە عەدالەت بەشکراوە لە شەرعدا؟ وتم: خوا بتگرێ کوا؟ ئەگەر براکەم کە لەوانەیە نیوەی تەمەنی منی هەبێت دوو ئەوەندەی منی بەرکەوێت لە میراتیەکەی (پاش تەمەنی درێژی) باوکم؟؟ وتی: نەخێر ، تۆ سەیری خێزان بەکە ، هەموو خێزانەکان لە سایەی شەریعەتی ئیسلامدا یەکسانن ، ئەوەتا هەموو پیاوێک دوو بەش ئەبات ، ژنەکەشی یەک بەش ئەهێنێت.. وتم: ئێ ئەوە ئەگەر خێزانەکان بەیەکتری بەراورد بکەیت ، ئەی بۆ ژن و پیاو بەیەکتر بەراورد ناکەیت؟ وتی: دادەگیان ژن و پیاوی چی؟ تۆ ئەتەوێت دەستکاری کاری خودا بکەیت؟ تۆ چۆن قسەی وا ئەکەیت؟ باشە قسە لە شەریعەت ئەکرێت؟ ئەوە بەشە و برێندراوەتەوە..وتم باشە ئەی ئەو خێزانەی لە پیاوێک و دوو ژن یان پیاوێک سێ ژن یان چوار ژنی هەبێت ، ئەی ئەوە چۆن؟ باشە ئەوەش یەکسانیە؟ پیاوێک سێ ژنی هەبێت ، واتا خۆی دوو بەش و بە سێ ژنەکەشی سێ بەش ، کەچی کابرای دراوسێی یەک ژنی هەیە ، خۆی دوو بەش و ژنەکەی یەک بەش؟ وتی: جا ئەوانی تر بۆ ناچن یەکی دوو ژنی تر بهێنن بۆ ئەوەی یەکسانی بۆخۆیان دەستەبەر بکەن لەگەڵ دراوسێکەیاندا؟؟ پڕ بە دەمم دامە قاقای پێکەنین ، من ئەمزانی قسەکردن لەگەڵ ئەو کابرایەدا بێهوودە و بێ تام و بێ مانایە ، زانیم قسەکردن لەگەڵی لەو مەسەلەیەدا بریتیە لە (سەفسەتە) واتا بەکوردیەکەی (چەنەحەچێ) ئەو لە مێشکێکی بەردینەوە قسە ئەکات ، بەمن ناگۆڕدرێت ، منیش بەشەفافی، ئەو داوای یەکسانی بۆ خێزانەکانی کۆمەڵگا دەکات بەمەرجی ئەوەی تەنها پیاو سەروەر و سەردار بێت ، یەکسانی لە نێوان کۆڵان و گەڕەکەکانی شارە پیاوەسلارەکاندا بەسوودی پیاو ، بەڵام حیسابی بۆ ژن وەکوو ئادەمیزاد نەکردووە تا داوای یەکسانی بۆ بکات لە سایەی شەریعەتدا ..ئەو وا ئەزانێت ئەوەی شەرع دایناوە چەند هەزارساڵ لەمەوبەرە ، ئیتر ئەوە هەموو ئەو یاسایەیە کە ئیستاش ژیانی لەسەر بینابووە و ، هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئەبێت ژیان بینا بێت ، ئەگەر دەستکاری بکرێت ئاسمان بەسەرماندا ئەڕووخێت..ئەو چارەسەری میراتی بە فرە ژنی کردووە ، شەرع رێگەی داوە پیاوێک زیاتر لە یەک ژن بخوازێت ، ئیتر ژنان چیان ئەوێت ، ناوچەی واهەیە لە دونیادا پیاو هەرنیە ژنێک بهێنێت ، ژنی ئێمە چی ئەوێت؟ ئەو ئا بەو ریتمە قسەی ئەکرد..

**ئەو بۆ تەحقیق کردنی یەکسانی رەها لە کۆمەڵگادا بۆنمونە لەمەسەلەی میراتدا ، پیاوێک و پیاوێک و خێزانێک و خێزانێک بەیەکتری بەراورد ئەکات ، و ژنی نەگبەتیش لە هەموو هاوکێشەکەدا ئیشی فارزەیەکی نێوان ژمارەکانیش ناکات..ئەو باوەڕی بەوە نیە پیاوێک و ژنێک لەیەک مادە دروست بووبن ، باوەڕی وانیە ژن و پیاو هەردوک ئادەمیزاد بن ، وا ئەزانێت پیاو ئادەمیزادە و ژن تەنها ژنە...**

**لە ئەوروپا هەر لەزووەوە درکیان بە زۆر لە مەترسی کردوە هەرەشەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیان کردووە ، بۆیە بە جۆرەها رێگە ژیانی خۆیان چ وەکوو تاک ، چ وەکوو کۆمەڵ رێکخستووە ، لەپێناو زیاتر خۆشگوزەرانی کە لەلای ئێمە بە هەڵوەشانەوەی بنەما و شیرازەی کۆمەڵگا ناودەبرێ.. لەهەرهەمووی گرنگتر ئەوەیە ئایینەکانیشیان مەسەلەی کۆکردنەوەی دوو ژن لەیەک ماڵدا قەدەغەدەکات ، و بگرە تاوانە ، تەنانەت مارەکردنی پوورزا و ئامۆزا و خاڵۆزاشی قەدەغەکردووە.. ئەگەر پیاوێک ویستی ژنێکی تر بهێنێت ، بۆ ئەوەی دیاردەی (هەوێ و هەوێکاری) و کێشە و گرفتەکانی لێی دەکەوێتەوە دروست نەبێت ، ئەوەیە ژنی یەکەم ئەبێت تەڵاق بدات ئینجا بۆی هەیە بچێ ژنی دووەم یان سێهەم بهێنێ..**

**بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەجیاتی چاکیکەن کوێریان کردووە ، لەجیاتی ئەوەی رێز بۆ ژن دانێن ، رێز بۆ هەست و کەرامەت و حورمەتی دانێن و دیاردەی فرەژنی بنبڕکەن بە گەلێ یاسای تر ، یاسایان دەرکردووە دیاردەی فرەژنی چەسپاندووە ، بۆنمونە ئەو یاسایەی گوایا ژنە کۆنەکە بچێت لە دادگا رەزامەندی خۆی بدات کە ئەو پیاوە ئەو ژنە مارەبکات و ، ئەوەی قوڕەکەشی خەستکردۆتەوە ئەوەیە ژنان خۆیان پێشەنگی ئەو داواکاریەن ، هەر ئەوان نەخشەیان بۆکێشا ، چونکە ئەوان بەوە دیاردەی فرەژنیان بنبڕ نەکرد بەڵکوو ئاسانکاریان بۆکرد.. باشە توخوا ئەوە چارەسەرکردنە ن یان سووکایەتی کردنە بە کەرامەتی ئەو ژنە؟ ئەی بۆ بڕیارێک دەرناکەن بە کەوتنی تەڵاقی هەر ژنێک پیاوەکەی ژنی بەسەر بهێنێتەوە؟ من ئەزانم درکاندنی ئەو قسەیە خۆی لە خۆیدا قورسە ، بەڵام خۆ لەوە قورستر نیە کە ژنێک بچێتە بەردەم دادگا و ئیقرار بکات مێردەکەی ژنی بەسەر بهێنێتەوە ، چونکە ژنێک بەدەستی خۆی شەریک بۆ خۆی بێهێتە ماڵەوە بۆ مێردەکەی ، ئەوە خۆی لە خۆیدا (خیانەتێکی یاساییە) (خیانەتێکی مەشروعە) و ژن نابێت لێی بێدەنگ بێت.**

**هەڵبەتە لێرەدا کە باس لەو ژنە دەکەم شوو دەکات بە پیاوێک ژمێکی هەبووە وەکوو تاوانێک باسی لێوە ناکەم ، چونکە هەموو کەسێک لە ژیانیدا هەموو مافەکانی پێ ڕەوایە بەمەرجی ئەوەی زەرەر بەکەس نەگەیەنێت ، تەواو وەکوو ئەو ژنەی ئەیەوێت لە پیاوەکەی جیابێتەوە بەبهانەی ئەوەی ژنی بەسەر هاتووە ، چونکە چ ئەو ژنەی ژنی بەسەر دێت ، چ ئەو ژنەی بەسەر هەوێ شوو دەکات هەردوک قوربانی کۆمەڵێ داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی دواکەوتوون و حکومەتیش لە دەستوورەکەیدا پشتگیری لەوە کردووە لە جیاتی ئەوەی بیر لە رێگەی تر بکاتەوە بۆ خۆشگوزەرانی میللەتەکەی بە ژن و پیاوەوە ، نەک ژیانی پیاو دابین بکات و بڵێت ژن لە سایەی پیاودا ئەژی..**

**کە ژنێک شووی دووەم دەکاتەوە هەموو کۆمەڵگا بەچاوی سووک سەیری ئەو ژنە دەکات ، ئەی بۆ خەمی ئەو ژنەش ناخۆن کە ملکێشی ئەکەن بۆ بەردەم داداگا هەتا رەزامەندی دەربڕێت بۆ ئەوەی مێردەکەی ژنی بەسەر بهێنێتەوە؟ لەکاتێکدا هەمان شت کە پیاوێک دەیکات دەستخۆشی و**

پیرۆزبایی لێدەکەن ، و کەسوکاریشی بۆیهەڵدەپەڕن ، لەو کاتەی ئەگەر کچێکیان بێت شووی دووەم بکاتەوە بەبێدەنگ وەکوو (عەیبە)یەک ئەیدەنە پیاوەکە بیبات وبیگوێزێتەوە.
ئەبێ چۆن بیر لە تاوانکاریەکە دەکەینەوە واش بیر لە زەرەرمەندەکە بکەینەوە ، کە ژیانی زرەرمەندەکەمان قەربوو کردەوە ، ئەو ژنەشی تاوانەکەی کراوەتە مل بە شێویەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەوەی کۆمەڵگا بە تاوانی دا ئەنێت ئەبێتە ماف و دەستی ئەکەوێت ، ئەگەر یاسا بەرقەرار بێت و هەموو کەسێک بەکەرامەتیەوە مافەکانی وەرگرێت ، کەس لە کەس کەمتر نابێت و ژن وەکوو پیاو هەموو مافەکانی دەستەبەر ئەبێت...
من ئەزانم چونکە ئێمە حکومەتمان نیە ، سیستەمێکی کۆمەڵایەتی پیاوسالاری لاوازمان هەیە تەنها پشتگیری لە پیاو ئەکات ، سیتەمی گەرەنتی ئابووری ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگامان نیە ، ئەو سیستەمەی ژیانی ئابووری پیاو دابین ئەکات و لەکاتی زەرەر و زیانەکاندا پیاوەکان قەرەبوو ئەبنەوە بە چەندەها جۆرە ، کەچی ژنی هاویشتۆتە دەروەی هاوکێشەی دادوەریی کۆمەڵایەتی ، لە چەندین ژن و پیاوم بیستووە گوایا ، بۆیە زۆر ژن کە ژنی بەسەر دێت داوای تەڵاق ناکات ، چونکە نازانێت بۆ کوێ بڕوات و کەس نیە بەخێوی بکات ، چونکە ژنی رۆژهەڵات و بەتایبەت ژنی کورد هەتا ئیستا نەیتوانیوە سەربەخۆیی دارایی دابین بکات ، یان راستتر بڵێم حکومەتێکمانیە ئەو سیستەمە بهێنێتە کایەوە ، ئەو سیستەمە ئابووریەی ژیانی هەزاران هەزار ژنی وا کە لەبەرخاتری ئەوەی لەبرسا نەمرن هەموو مەهانەتێکی پیاو قوبوڵ ئەکەن و ئەچن رەزامەندی ئەدەنە دادگا ژنیشیان بەسەر بێتەوە ، جگە لە تانە و سووکایەتی کۆمەڵگا بە ژنی تەڵاقدراو..زۆر قسە لەسەر ئەوە کراوە کەپیاوێک لەژنێک زیاتری هەبێت زوڵم لە یەکێکیان یان لە منداڵەکانی بکات ، پیاوێک لەکاتی بەدەسەڵاتبوونیدا بتوانێت زوڵم لە میللەتێک بکات ، ئیتر چۆن ناتوانێت زوڵم لە ئافرەت بکات..
باشە کورد ئەگەر حکومەتێکی هەبێت هەموو میللەت لەباوەش بگرێت و لەبری ئەوەی ئەو هەموو پارەیە ئەدزرێ و ئەچێتە گیرفانەکانەوە ، یان تەلاری لێپرسراوەکانی پی بەرز ئەکەنەوە ، و ژنی تازە تیا دائەنێن ، با بچن مووچە بۆ بێوەژنەکان ببڕنەوە ، با بچن یاسای یارمەتی کۆمەڵایەتی بهێننەکایەوە ، هەرنەبێ کەرامەتی ژنی پێبکڕنەوە ئەگەر ژنیان بەسەر هات و داوای جیابوونەوەیان کرد..
ئێمە بۆ باس لەوە بکەین کێ بەسەر کێ شووی کرد.. هەمیشە باس لەو ژنانە دەکرێت کە هەڵەیەک دەکەن ، کەچی هەرگیز باس لەو ژنانە ناکرێ کە زوڵمێکیان لێ دەکرێ ، یان زەرەرمەند دەبن لە ئاکامی کارێکی پیاوەکانیاندا.. چونکە ئێمە میللەتێکین هێندەی بە هەڵەکانی یەکترەوە سەرقاڵین ، نیو ئەوەندە بیر لەزەرەرمەند و کەرامەت شکاوەکان ناکەینەوە بەتایبەت ئەگەر ژن بن...هەمیشە لەبەرامبەر هەڵەیەکی خۆماندا باس لە هەڵەی بەرامبەرکانمان ئەکەین ، و پاکی خۆمان لە هەڵەی ئەوانی تردا ئەبینینەوە..
مەسەلەی شوو کردن و ژن هێنان و تەڵاقدان و جیابوونەوە هەرهەمووی باری کەسی و ژیانی تایبەتین ، بەڵام بەشێکیشی پەیوەستە بە کۆمەڵگاوە ، با باس لە بنەماکانی دروستبوونی ئەو دیاردانە بکەین ، نەک بڵێن فڵانە کەس بۆ شووی کرد و ماڵی فڵانی وێران کرد ، چونکە فڵانە پیاو ئەو ژنەی ناوێت ، ئەو ژنە کۆنەش ئەگەر پاڵپشتێکی هەبێت ئەو مەهانەت و سووکایەتیە قوبووڵ ناکات ، بەکەرامەتی خۆیەوە داوای جیابوونەوە ئەکات ، و بگرە توانای ئەبێت پیاوەکە بەبووکی تازەوە بکاتە دەرەوە.. چۆن هەموو پیاوێک مافی ئەوەی هەیە ژنی دووەم و ژنی سێهەم و چوارەم

**بهێنێتەوە ، ژنیش بۆی هەیە نەک تەنها جاری یەکەم ، بەڵکوو بۆ جاری دووەم و سێهەم و چوارەمیش ژیانی خۆی دروست بکاتەوە ، ئەوە بۆ هەر لە ئاستی ژنی داما و نەگبەتا مەسەلەکە بەرەو ئاقاری شەرەف و عەرز و نامووس روو وەرئەگێرێت؟ باشە بۆ باس لەوە ناکەن هەنگاوێکی تر بنرێت بۆ بنبڕکردنی مەسەلەی کۆکردنەوەی دوو ژن و سێ ژن لەیەک کاتدا ، ئەو پیاوەی ئەیەوێت ژنێکی تر بهێنێتەوە ، بابڕوات بیهێنێتەوە ، بەڵام یاسایەک هەبێت داکۆکی لەو ژنە بکات کە ژنەکەی بەسەر هاتووە و ئەیەوێت جیابێتەوە..**

**هەربۆنمونە لەزۆر لە زمانەکانی دونیادا وشەیەک نیە بەرامبەری وشەی (هەوێ) بوەستێ ، چونکە هەر لە بنەماوە دیاردەی فرەژنیان نیە ، تەنها لەفەرهەنگی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و ئایینی و ئەخلاقی میللەتە موسڵمانەکانی دونیا هەیە ، یان ئەو میللەتانەی کراونەتە موسڵمان وەکوو کورد..**

**جارێ بێماناترین یاسا ئەو یاسایەیە کە لە جیاتی ئەوەی دیاردەی فرەژنی قەلاچۆ بکات ، پشتگیری لێئەکات و بەهێزی ئەکات و زیاتر لە کۆمەڵگادا ئەیچەسپێنێ ، بگرە ئاسانکاری ئەکات بۆ جێبەجێکردنی مەرامی فرەژنی ، بەوەی کەوا ژنی نەگبەت ملکەچ ئەکەن بە پێی خۆی رێگەی دادگا بگرێتەبەر و رەزامەندندی دەربڕێ بەوەی هەوێی بەسەربێت ، بەباوەڕی من ئەوە ئەوپەڕی سنوورەکانی سووکایەتیکردنە بەکەرامەتی ژن.. باشە کێ باوەڕ ئەکات هەموو ئەو ژنانەی ئەچن رەزامەندی دەر ئەبڕن بەرامبەر بەوەی مێردەکانیان ژنی تر مارەبکاتەوە ، هەموو بەڕەزامەندی خۆیان ئەچن ، کێ ئەڵێ بەزۆرەملێ و لەژێر زەبری هەڕەشە و ئەشکەنجەداندا ناچن؟ ژنێک باسی خۆی کرد وتی: "ئەگەر وام نەکردایە ئەبوایە سواڵم کردایە بۆ خۆم و منداڵەکانم." کەواتە ئەو یاسایە ژن زیاتر ریسوا ئەکات وەک لەوەی کەرامەتی بۆ دانێت!!نابرێن؟ باشە ئەچێتە عەقڵی کێوە ژنێک عەقڵی ساغ بێت بە رەزامەندی خۆی ژنێکی تر بکات بەپێخەفی ژن و مێردایەتی خۆیدا ، بەڕەزامەندی خۆی پێخەفی خۆی ببەخشێتە ژنێکی تر ، لەسەری لەگەڵ مێردەکەیدا بنوێت؟**

**من باوەڕم وایە دیاردەی فرەژنی تەنها گوزارشت لە چاوچنۆکی و برسێتی سێکسی پیاو ئەکات ..دەنا خێزانێکی تەندروست لەتەنها یەک پیاو و یەک ژن پێکدێت ، بەڵام کە پیاوێک دوو ژن و سێ ژن کۆکاتەوە ، بێگومان ئەگەر یەکێکیشی خۆش بوێت ، ئەوا لەگەڵ ئەوانی تردا رائەبوێرێت ، بەڵام بەناوی شەرع و یاساوە ، و هەموو وەکوو کۆلە سەیر ئەکات و تەنها بۆ تێرکردنی پێداویستی سێکسی خۆی هێناونی..**

**بەباوەڕی من ئەو پیاوەی بیر لە هێنانی ژنی دووهەم کردەوە ، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو ژنەی ناوێ کە هەیەتی ، کەواتە هەر شەرم و شوورەییە ژنی یەکەمی بەدیاریەوە دانیشێت ، چ بۆ پیاوەکە و چ بۆ ژنەکە ، ئەو پیاوەش چۆن پیاوانە ژن ئەهێنێتەوە ، ئاواش پیاوانە دەستبەرداری ژنەکەی تری بێت ، بەمەرجی ئەوەی حکومەت پشتگیری لێبکات و باوەشی بۆ بکاتەوە ، هەڵبەتە وشەی (باوەش) مەبەستم لە باوەشی لێپرسراوەکان نیە کە یەکی نازانم چەند ژنی تیایە ، مەبەستم لە حکومەتە ، بەمانای دامودەزگا و کۆمەڵە و رێکخراوە یاسایی و خزمەتگوزاریەکانە..**

**بڕوانە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت کۆمەڵگا موسڵمانەکان لە دەست چەند جۆر کێشە و نەخۆشی کۆمەڵایەتی بەهۆی دیاردەی فرەژنیەوە ئەناڵێنێت ، جگە لەوەی لایەنی پەروەردەیی ئەو منداڵانەی لە سایەی خێزانێکی فرەژندا پەروەردە ئەوبن چەند ناهەموار و سەقەت و ناتەندروستە ، بەبەراورد لەگەڵ ئەو خێزانەی کە لە تەنها یەک ژن پێکدێت و منداڵەکانی ناکەونە بەر ئاکام و دەرهاویشتەکانی مەسەلەی هەوێ و باوەژن و ناکۆکی لەو جۆرە..**

پێشنیارێک بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان بە هیوای زیاتر پاراستنی كەرامەتی ژن:

بۆیە هەر لێرەوە پێشنیارێک ئەخەمە بەردەست حكومەتی هەرێمی كوردستان بەهیوای پاراستنی كەرامەتی ژنی زرەرلێكەوتوو لە ئاكامی هەوێ بەسەرهاتن ، ئەویش ئەوەیە:

1- لەغووكردنەوەی ئەو یاسایەی ژن ملكەچ ئەكات بچێت رەزامەندی خۆی لە دادگا دەربڕێ بەوەی ژنی بەسەر بێتەوە ، لەبری ئەوە یاسایەک داڕێژن بەوەی ئەو ژنە سەربەستە جیابێتەوە لە پیاوەكەی..

2- یاسای یارمەتی كۆمەڵایەتی پەیڕەو بكەن ، بەوەی بودجەیەكی تایبەت دانێن بۆ ئەو ژنانەی لە مێردەكانیان جیائەبنەوە و سەرچاوەیەكی جێگیری ژیانیان نیە ، جگە لە بڕینەوەی مووچەیەكی رەمزی بۆ منداڵان ، بۆ دابین كردنی داواكاری سادەی رۆژانەیان.

3- دامەزراندنی نووسینگەی كاری تایبەت بە ژنان بۆ سوود وەرگرتن لەو ژنانەی لەماڵەوە دانیشتوون و هیچ سەرچاوەیەكی دارایی شكنابەن ، و لە كارگەكان و شوێنە جیاجیاكاندا دایانمەزرێنن ، یان خولی فێربوونی پیشەیان بۆبكەنەوە ، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بەخێوبكەن.

4- پێشكەشكردنی كۆڕ و كۆبوونەوە و خولی هوشیاركردنەوە بۆ یاریدەدانی خێزانەكان بۆ هاندانی ژنە تەڵاقدراوەكان ، بەمەبەستی سەرلەنوێ تەئهیلكردنەوەیان لەناو كۆمەڵگادا و سوود وەرگرتن لە توانا و بەهرەكانیان.

5- قەدەغەكردنی هێنانی دەستی كار لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق و لەوڵاتانی دراوسێوە و ، سوودوەرگرتن لە دەستی كاری ژنان ، لەو پیشانەدا كە لەتوانای ژندایە بیكات..

6- دەركردنی بڕیاری كاركردنی جیدی بە یاسای (خولع) ، بۆ ئەوەی ئەو ژنانە سوودی لێببینن كە بەرهەڕەشەی توندوتیژی ناوماڵ و ئەشكەنجەی جەستەیی ئەبنەوە و مێردەكانیان بەكیندا ئەكەون و تەڵاقیان نادەن ، یان بۆ ئەو ژنانەی هەڕەشەیان لێدەكرێ بۆ ئەوەی رازی بن مێردەكانیان ژنیان بەسەر بهێننەوە ، و نایانەوێ چیدی بەدیار مێردەكانیانەوە دانیشن..

*ئەم وتارە لە رۆژنامەی (هاوڵاتی) لە سلێمانی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 10ی جەنیوەری 2007 بڵاوبۆتەوە...